# ڕاسپاردەکانی کۆنفراس

١- کۆنفرانس جەخت لەسەر پاڵپشتیکردنی هەوڵەکان دەکاتەوە بۆ یەکخستنی زمانی کوردی ، بۆ ئەوەی ببێت بە بنەمایەك بۆ زمانێکی ستاندەری کوردی.

٢- کاراکردن و هەموارکردنەوەی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (١٦)ی تشرین یەکەمی ٢٠١٤ کە لە هەرێمی کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی هەردوو بنەمای سیاسەت و پلانی زمان دەرچووە .

٣- کۆنفرانس پێشنیاز دەکات ، کە تاوتوێی چۆنیەتی ئەژمار کردنی زمانەکان لە پۆلی (١٢) ی ئامادەیی بکاتەوە بە پشت بەستن بە پسپۆڕانی بوارەکە . هەروەها کۆنفرانس داوا لە وەزارەتی پەروەردە دەکات کە خوێندن تا پۆلی شەشی سەرەتایی بە زمانی (زمانی دایك)بێت وەك پێوەرێکی ستانداردی جیهانی .

٤- کاربکرێت بۆ دامەزراندنی ئەکادیمیایەکی زمان،کە سەرتاسەری کوردستان،واتا هەموو پارچەکانی کوردستان بگرێتەوە.

٥- هاندانی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ زمانەکانی تر بە مەبەستی ئاشناکردنی نەتەوەکانی تر بە زمان و ئەدەبی کوردی بە پێچەوانەوە.

٦- کۆنفرانس داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکات ، کە بۆردێك لە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ

٧- بەئەزمون پێکبهێنێت بە مەبەستی خزمەتکردن و گەشە پێدانی زانکۆکانی هەرێم لە گشت بوارەکاندا.

٨- کۆنفرانس داوادەکات ،کە وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵانە کۆنفرانسی یەکخستن و ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن و خوێندنی باڵا بۆ بەشە هاوشێوەکانی زمانی کوردی و عەربی وئینگلیزی لە زانکۆکان ئەنجام بدات.

٩- کۆنفرانس پێشنیاز دەکات ، کە کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زانکۆی ڕاپەڕین کۆلێژی پەروەردە لە ڕێکەوتی ٤/٢٤ وە بەڕێوە بچێت بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی کارەسات و ڕاپەڕینی قەڵادزێ و ڕۆژی شەهیدی زانکۆ.

لیژنەی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس